# پارتی کاری هۆڵەندی ئەندازیارێکی کورد بۆ ئەنجومەنی هەرێمایەتی لە شاری ئەمستردام هەڵدەبژێرێت




عەلی مەحموود محەمەد

گوهدار مەعسوم بابان لە ساڵی 1962 بەهۆی ئاوارەیی خێزانەکەیانەوەو دوورخستنەوەیان بەهۆی کاری چالاکی سیاسی باوکییەوە بۆ قەزای هیندییەی کەربەلا , لە شارۆچکەی هندییە لە ئاوارەیی دوور لە کوردستان چاو بە ژیان هەڵدەهێنێت , ساڵی 1980 دەچێتە کۆلێژی ئەندازیاری بەشی مەدەنی , ساڵی 1982 بەهۆی بەشداریکردنی لە خۆپیشاندانەکانی بەهاری زانکۆی سەلاحەدین دەگوازرێتەوە بۆ زانکۆی بەسرە , لە ساڵی 1993 ەوە لە هۆڵەندایە , لە هۆڵەنداش کۆلێژی ئەندازیاری بەشی ڕێگا و ئاو بە 1 ساڵ تەواو دەکات , لە کاتێکدا بە شێوەی ئاسایی خوێندکاران بە 4 ساڵ تەواوی دەکەن , بۆیە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن باسی لێکرا , ئێستا بەڕێوەبەری گشتی ڕێگاو بانە لە زاود هۆڵەند لە شاری دەنهاخ .

بە زمانی هۆڵەندی دەنوسێت , بە کوردیش بەرهەمی هەیە , بە شێوەی گشتی لە بواری سیاسەت , مێژوو , چیرۆك نووسینی هەیە , بە تایبەت نووسین لەسەر مێژووی قەڵای هەولێر .

ئێستا پاڵێوراوی پارتی کاری هۆڵەندایە " سۆسیال دیموکرات " لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی هەرێمایەتی هۆڵەندی , لە هەرێمی نۆرد هۆڵاند " کە شاری ئەمستردام بەشێکە لێی " , ژمارە 9 یە لە لیستەکە , هەر ئێستا پارتی کار 16 نوێنەری لەو هەرێمە هەیە , بۆیە ناوی لە ڕیزی دەرچووەکانە .

دەیەوێت لە ڕێگەی گەیشتنی بە ئەنجومەنی هەرێمایەتی , کە لە ڕێگەی ئەو نوێنەرانەوە ئەنجومەنی پیرانی هۆڵەندی هەڵدەبژێردرێت , خزمەت بە دۆزی گەلەکەی بکات لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە تایبەتی پرسی ئاشتی لە کوردستان و دۆزی کەرکوك و کێشەی پەنابەرانی کورد لە هۆڵەندا و کێشە ئابوورییەکانی هاووڵاتیان و پرسە هەنووکەییەکانی لاوان و گەنجان و قوتابیان و ژنان , هەروەها هەوڵدەدات پشتگیری

پارتەکەی ڕابکێشێت بۆ داخوازەکانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی دۆزەکەی , لەم ڕووەوە ئامادەی هاوکاری هەموو پارت و ڕێکخراوەکانە لە هەموو پارچەکانی کوردستان , سەرباری کارکردنی بۆ ناساندنی پرسی ژینۆسایدکردنی کورد لە هۆڵەندا , لەم بوارە ئامادەی هاوکاری ناوەندی چاکە .

ئەوەی شایانی ئاماژەیە برایەکی کاك گوهدار " کاك گۆڤەند " لە کوردستان پارێزەری بێ بەرامبەری ناوەندی چاکە .

**[http://gohdarmassom.web-log.nl/](http://gohdarmassom.web-log.nl/)**